

# بوون به کڕیار له بانک

*بۆ ئەوەی ببیت بە کڕیار لە بانکێکی سویدیدا ئەبێت بتوانیت خۆت پێناسە بکەیت و وڵامی پرسیارگەل بدەیتەوە لەبارەی ئەوەی کە بۆ کۆنتۆیەکی بانکیت پێویستە. لێرەدا ڕێنوێنیی لەسەر ئەوە وەرئەگریت کە ئایا بانک پێویستی بە کام زانیارییەیە لە تۆوە کاتێک کە سەردانی نووسینگەیەکی بانک ئەکەیت.*

## پێناسەکردن

ئەتۆ دەبێت هەمیشە بتوانیت خۆت پێناسە بکەیت.

١. ئەتۆ دەتوانیت بە بەڵگەنامەیەکی برەوداری سویدی خۆت پێناسە بکەیت، وەک پاسپۆرت، کارتی پێناسەی نەتەوەیی یان پێناسەی ئەلەکترۆنیکیی بانک. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت بە مۆڵەتنامەی لێخوڕیینی سویدی خۆت پێناسە بکەیت.

٢. ئەگەر ئەتۆ بەڵگەنامی سویدیت نیە دەتوانیت خۆت پێناسە بکەیت بە پاسپۆرتێکی برەوداری بیانیی یان بەڵگەنامەیەکی پێناسەی دیکە بە وێنەوە، کە هاوولاتێتی خۆتی تێدا دیارە. ئەوە دەبێت لە لایەن دەستگایەک یان دەرکەرێکی شایستەی دیکەوە دەر کرابێت. سەرنج بەوە بدە کە بانکەکە لەوانەیە داوات لێ بکات کە بەڵگەنامەی زیاتر نیشان بدەیت.

٣. ئەگەر ئەتۆ بەڵگەنامەی پێناسەی برەودارت نیە دەبێت بە بەڵگەنامەی دیکە لە لایەن سەرچاوەیەکی سەربەخۆ و باوەڕپێکراو بتوانیت نیشان بدەیت کە ئەتۆ کێیت و هاوولاتێتیت.

### خوێندکارانی بیانیی

ئەگەر ئەتۆ خوێندکارێکی بیانیت دەبێت بتوانیت خۆت پێناسە بکەیت بە پێی سەرەوە. ئەتۆ هەروەها پێویستت بە:

- مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزا (برەوی نیە بۆ هاوولاتی یەکێتیی ئوروپا).
- وڵامی وەرگرتن لە لایەن زانکۆکە لەوێ بەردەوامیی خوێندنەکە دیارە.

## پێویستی بە کۆنتۆی بانکی

تۆ ئەبێت بتوانیت ڕوونی بکەیتەوە کە بۆچی پێویستت بە کۆنتۆی بانکی یە و تۆ ئەو کۆنتۆیە چۆن بەکارئەهێنیت .ئەوە لەوانەیە بۆ ئەوە بێت کە مووچە یان هەر قەرەبوویەکی تری بخرێتە سەر، کرێ خانوی لێوە بدەیت یان پارەپاشەکەوت بکەیت. بانکەکە ئەتوانێت پرسیاری تریش لە تۆ بکات بۆئەوەی زانینی زیاتر لە بارەی تۆوە وەک کڕیارێک وەربگرێت.

### مافبوون بۆ کۆنتۆی بانکی

بواری وەرگرتنی کۆنتۆی بانکی، کە گەرانتی پارەدانانی دەوڵەتی ئەیگرێتەوە و بۆ خزمەتگوزاری پارەدانی بناخەییە، لە پرینسیپا بۆ هەموو کەسێک کراوەیە. ئەمە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەیە کە تۆ چ جۆرە هاوڵاتێتیەکت هەیە و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی گەر تۆ ژمارەی کەسیی سویدیت هەیە.

### ...بەڵام, لە هەندێک دۆخی تایەبەتیدا ئەبێت بانکەکە ڕەتیکاتەوە کە تۆ کۆنتۆ بکەیتەوە

بانکەکە بۆی نییە کۆنتۆ بکاتەوە گەر:

- بانکەکە نەتوانێت بەشێوەیەکی بە ئەندازەی تەواو دڵنیا تۆ دەستنیشان بکات.
- بانکەکە هەڵسەنگاندنی ئەوە بێت کە ئەو زانیارییەی تۆ بەجێت هێشتووە تۆ لەبارەی ئەوەی بۆچی تۆ ئەتەوێت کۆنتۆیەک بکەیتەوە، بەئەندازەی تەواو نییە.
- بانکەکە لە ڕێگەی کۆنتۆکردنەوەیەک سەرپێچی ڕێسایەک لە یاسا یاخود بڕیارگەلێک بکات.

بانکەکە هەروەها بۆی هەیە نکۆڵی لە کۆنتۆکردنەوە بۆ تۆ بکات ئەگەر تۆ پێشتر لەگەڵ بانکەکەدا ناشەریفانە هەڵوێستت هەبووبێت.

### ئەوەت بیربێت کە...

- تۆ ئەبێت بتوانیت لە پرسیارگەلی بانکەکە بگەیت و بتوانیت وەڵامیان بدەیتەوە.
- ئەتۆ هەروەها دەبێت ئەو زانیاریە تێبگەیت کە وەریەگریت لە بانکەکە.
- گەر تۆ پێویستت بەوەیە کە کەسێک وەرگێڕانت بۆ بکات ئەوا باشە کەسێکی وا لەگەڵ خۆتا بۆ چاوپێکەوتنەکەی لای بانک بهێنیت.
- بانکەکە پرسیاری ئەوە ئەکات کە پارەکانت لە کوێوە هاتوون.
- کۆنتۆکەت و خزمەتگوزاریەکانی بانکەکە نابێت لەلایەن کەسێکیترەوە بە کاربهێنرێت بەبێ بوونی ئەوەی کە گرێبەستێ لەبارەی ئەوەوە لە بانکەکە هەبێت
- بانکەکە ئەتوانێت پرسیارگەلی تریش بکات یان پەڵپی تر بگرێت.

## زانیاریی تر

بۆ زانیاریی تر ڕووبکەرە هەریەکە لەو بانکانە زانیاریی لای ئەمانەش هەیە:

**پەرلەمانی سوید:**

یاسای لەبارەی هەنگاوەچارە دژی پارەسپیکردنەوە (پارەشتنەوە) و پارەتەرخانکردن بۆ تێرۆریزم. لێرە زیاتر بخوێنەرەوە لە ماڵپەڕی www.riksdagen.se

**پشکنینی دارایی:**

بڕیارگەلی پشکنینی دارایی لەمەڕ هەنگاوەچارە دژی پارەسپیکردنەوە و پارەتەرخانکردن بۆ تێرۆریزم. لێرەدا زیاتر بخوێنەرەوە www.fi.se

**کۆمەڵەی بانکەکانی سوید:**

زانیاریی لەبارەی هەنگاوەچارەکانی بانکەکان دژی پارەسپیکردنەوە و پارەتەرخانکردن بۆ تێرۆریزم. لێرەدا زیاتر بخوێنەرەوە www.swedishbankers.se

**قەرزەکانی دەوڵەت**

زانیاریی لەبارەی گەرەنتی پارەدانان لە بانک لێرەدا زیاتر بخوێنەرەوە www.riksgalden.se

Svenska Bankföreningen
Swedish Bankers' Association

www.swedishbankers.se